ڕۆژنامەی خورماڵ

١٩٤٠



33516

لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی

گۆران سەلام محەمەد

Preview sample - page 1 of 7 - Soran University Academic Digital Library

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: ڕۆژنامەی خورمالْ

لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ڕۆژنامەی خورمالْ ١٩٤٠

نووسینی: گۆران سەلام محەمەد

بابەت: مێژووی ڕۆژنامەگەریی

تایپ و زمانەوانی: نووسەر

دیزاینی ناوەڕۆک: پێشەوا شێخ ڕەئووف

دیزاینی بەرگ: ئەحمەد بابا

چاپخانە: حەمدی

شوێنی چاپ: سلێمانی

نۆبەت و ساڵی چاپ: یەکەم، ٢٠٢١ زایینی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە سپاردنی (١٧٠٤)ی ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە

Preview sample - page 2 of 7 - Soran University Academic Digital Library

ناواخن

بابەت	لاپەڕە
سوپاس و پێزانین	٧
پێشکەشە	٨
پێشەکی	٩
وتەیەکی مامۆستا شاکر فەتاح	١١
بەشی یەکەم: شاکر فەتاح، ژیان و بەرهەمەکانی	١٦
تەوەری یەکەم: ژیانی شاکر فەتاح	١٧
تەوەری دووەم: پۆژنامەی ئاکرێ	٢٦
تەوەری سێیەم: پۆژنامەی باسەڕە	٢٩
تەوەری چوارەم: پۆژنامەی چەمچەماڵ	٣٤
بەشی دووەم: لێکۆڵینەوەیەک لەسەر پۆژنامەی خورماڵ	٣٦
تەوەری یەکەم: مێژووی پۆژنامەی خورماڵ	٣٧
تەوەری دووەم: دەنگ و باسی دەرەوە	٤١
تەوەری سێیەم: گاڵتە و گەپ و پێکەنین و مەتەڵ	٤٥
تەوەری چوارەم: ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری	٤٨

Preview sample - page 3 of 7 - Soran University Academic Digital Library

تەوەری پێنجەم: خوێندەواری، پۆشنبیری و زانیاری	٥١
تەوەری شەشەم: کۆمەڵایەتی و هەواڵەکانی ناوخۆی خورماڵ	٥٤
تەوەری حەوتەم: بابەتە وێژەییەکان	٥٦
تەوەری هەشتەم: بابەتە دارایی و ئابووریییەکان	٥٨
تەوەری نۆیەم: بابەتە تەندروستییەکان	٦٠
تەوەری دەیەم: بابەتە کشتوکاڵییەکان	٦١
تەوەری یانزەهەم: بابەتە مێژوویییەکان	٦٢
بەشی سێیەم: تەواوی ژمارەکانی پۆژنامەی خورماڵ	٦٣
تەوەری یەکەم: تەواوی ژمارەکانی پۆژنامەی خورماڵ بە ڕێنووسی نوێ	٦٤
تەوەری دووەم: تەواوی ژمارەکانی پۆژنامەی خورماڵ بە وێنە (نسخە)ی ئۆرجینالْ	٢٠١
لیستی سەرچاوەکان	٢٢٨
نووسەر لە چەند دێڕێکدا	٢٣٢

Preview sample - page 4 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

لێکۆڵینەوە لەسەر کار و بەرهەم و ژیان و پۆژنامەکانی مامۆستای گەورە و پەوانشاد شاکر فەتاح لە مێژە لای من کارێکی ویژدانییە و کەڵکەڵەی خەیاڵێکی وادەکەم، بەرزیی شکۆی شاکر فەتاح پێویستی بەوە نیە ئێمە بە خوێنەری کوردی ئاشنا بکەین، تەنها ئامانجی ئێمە پاراستنی بەرهەمەکانی و کردنەوەی دەرگایە بۆ توێژەرانی دیکە تا لە پووە جیاوازەکانەوە توێژینەوەی لەسەر بکەن.

هەر بۆیە ئەو بۆ خۆی پۆشنگەر و بیرمەندێکی گەورەیە، ئەم وتەیەش لە خۆڕا نیە، چونکە پەوانشاد خوێندەوارێکی خەمخۆری سەردەمی خۆی بووە، پارێزەرێکی بە توانا بووە، قاڵبووی یەکە کارگێڕییەکان بووە، خاوەن و سەرنووسەر و پۆژنامەنووسی چەندین پۆژنامە بووە، کە بە دەست و پەنجەکانی خۆی زۆرینەی پەهای بابەتەکانی پۆژنامەکانی نووسیوە، داهێنەرێکی بە توانا بووە لە داتاشین و داهێنانی چەندین وشە و زاراوە بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی، هەر ئەمەش وای لێ کردووە بە خەمخۆرێکی زمانی کوردی لە قەڵەمی بدەین، زمانزانێکی بە توانا بووە، نووسەرێکی بیرفراوان بووە، وەرگێڕێکی لێهاتوو بووە، شاعیرێکی هەستناسك بووە، هەڵگری پۆشنبیرییەکی گشتی بووە لەسەر مێژووی جیهان و فکر و فەلسەفە و شانۆنامە جیهانییەکان، چاودێرێکی بەردەوامی پووداوە سیاسییەکانی سەردەمی خۆی بووە، خەڵکی لێ ئاگادار کردووەتەوە، خەمخۆری ژینگە و کشتوکاڵ و ناوچە گەشتیارییەکان بووە، فێرکارێکی گەورەی خوێندەواری بووە، دڵسۆزێکی گەورەی پەروەردە بووە، زۆر گرنگیی بە کردنەوەی خوێندنگە داوە، دژی خوو و نەریتە خراپەکانی کۆمەڵگە بووە، هەمیشە

Preview sample - page 5 of 7 - Soran University Academic Digital Library

خەڵکی لێ هۆشیار کردووەتەوە، لە کۆتاییدا نیشتیمانپەروەرێکی پاک و دڵسۆزی خاک و گەل و پێشمەرگە بووە، بە جۆرێك گیانی لەو پێناوەدا کردووە بە قوربانی و لەلایەن رژێمی فاشیستی بەعسی عێراقییەوە لە سێدارە دراوە و تا ئێستاش گۆڕبزرە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە دابەش کراوە بۆ سێ بەشی سەرەکی بەشی یەکەم باس لە ژیان و بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکانی شاکر فەتاح دەکات، لە تەوەری یەکەمیدا ژیان و بەرهەمەکانی شاکر فەتاح شیکراوەتەوە و لە تەوەری دووەمدا باس لە ڕۆژنامەی باسەڕە کراوە و لە تەوەری سێیەمدا باس لە ڕۆژنامەی ئاکرێ کراوە و لە کۆتایی ئەم بەشەشدا کە تەوەری چوارەمە باس لە ڕۆژنامەی چەمچەماڵ کراوە.

هەرچی بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەیە تایبەت کراوە بۆ ڕۆژنامەی خورماڵ، کە پێکهاتووە لە یازدە تەوەر، ئەم بابەتانەی تێدا باس کراوە: (مێژووی ڕۆژنامەی خورماڵ، دەنگوباسی دەرەوە، گاڵتە و گەپ و پێکەنین و مەتەڵ، ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری، خوێندەواری و ڕۆشنبیری و زانیاری، کۆمەڵایەتی و هەواڵەکانی ناوخۆی خورماڵ، بابەتە وێژەییەکان، بابەتە ئابووریەکان، بابەتە تەندروستییەکان، بابەتە کشتوکاڵییەکان، لە دوا تەوەردا کە یازدەیەمە بابەتە مێژوویییەکانی ڕۆژنامەکە باسکراوە، بیبلۆگرافیاش بۆ تەواوی تەوەرەکان کراوە.

لە بەشی سێیەم و کۆتاییدا، کە دوو تەوەرە لە یەکەمیدا وێنەی تەواوی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە بە ڕێنووسی نوێ دانراوە، لە تەوەری دووەمیدا وێنەی ئۆرجینااڵی تەواوی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە دانراوە، دواتر لیستی سەرچاوەکان بوونی هەیە.

لە کۆتاییدا بە گرنگی دەزانم ئاماژە بکەم بۆ ئەوەی نووسراوەکانی شاکر فەتاح لە ڕووی سیماوە وەك خۆی نووسراونەتەوە، تەنها پیتە عەرەبییەکانی بە کوردی

Preview sample - page 6 of 7 - Soran University Academic Digital Library

کراون، بۆیە ئێمە جگە لە چەند وردەکارییەکی کەمی خاڵبەندی نەبێ، هەوڵمان داوە سیمای نووسینەکان تاڕادەیەکی باش وەک خۆی بهێڵینەوە و لە ڕەسەنایەتی نەکەون.

وتەیەکی مامۆستا شاکر فەتاح

لادێی خورماڵ لە ساڵی ١٩٤٠دا

لەساڵی ١٩٤٠ دا وەک کارگێڕێک لە لادێی خورماڵدا فرمانم دەبینی بۆ میری، کە بەشێک بوو لە ناوچەی هەڵەبجە لە خاکی سلێمانیدا، گوندی خورماڵ، خۆی بچووک بوو، هەر پەنجا شەست ماڵێک دەبوو، بەڵام لادێیەکەی خورماڵ زۆر گەورە بوو، بەشی جافەتییەکەی گەرمیان و دەشت بوو، بەشی هەورامانەکەی شاخ و کێو بوو، پڕ بوو لە دار و درەخت و ڕەز و باخات و چەم و کانیاو، پارچەیەک بوو لە بەهەشتی کوردستان، لادێیەکە حەفتا هەشتا گوندێک و ١٥٠٠٠ کەسێکی تێدابوو، شێوەی زمانی جافەتی سۆرانی، شێوەی زمانی هەورامی (هەورامی) بوو، لەگەڵ ئەویشدا لە یەکتر تێدەگەیشتن، زۆربەی زەوی و زار بەدەست بەگزادەکانی جاف و هەورامان و شێخەکانی تەوێڵە و بیارەوە بوو، بازرگانییش کە بە دزییەوە دەکرا، لەگەڵ کوردەکانی ئێراندا، کە سنوردارببوون بە دەست چەند دەوڵەمەندێکەوە بوو، بەڵام لە ژێر چنگی ئەو بەگزادە و شێخانەدا بوو.

ئیتر بەشی زۆری دانیشتووان: ڕەنجبەر و جووتیار بوون، بە هەژاری دەژیان، خاوەن زەوی و زار نەبوون، هەندێکیشیان هەرچەندە خاوەنی زەوی و زاربوون، بەڵام دەرامەتیان یەجگار کزبوو، بە کولەمەرگی دەژیان، لە هەموو لادێکەدا سێ خوێندنگا و دوو نەخۆشخانە (مستوصف) هەبوو، ڕێگا قیرتاوکراو هەر نەبوو، بەهۆی زۆرداریی

Preview sample - page 7 of 7 - Soran University Academic Digital Library